# ئاوەزداری و درککردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا

د. ئاڤێستا کەمال مەحموود/ زانکۆی سلێمانی/ بەشی کوردی

**پێشەکی**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری زانستی زمانی دەروونیی و درککردندایە و بۆ ڕوونکردنەوە و سەنگین کردنی شیکردنەوەکانی پشت بە لێکدانەوەی فەلسەفیی هەردوو کایەکە دەبەستێت ، چونکە تێڕوانینی مرۆڤ لە بوون و دیاردەکان هۆکاری جۆراوجۆری لێکدانەوە زمانییەکان بەواتایەکی دیکە بۆچوونە فەلسەفییەکان دەترازێنە نێو قوتابخانە زمانەوانییەکانەوە و هەر ئەمانیشن چۆنێتی ڕێبازی لێکۆڵینەوەکان لە زمان دیاریدەکەن .

لەڕاستیدا زانستی زمانی (دەروونیی و درککردن) وەك بنەما و سەرچاوەی لێکدانەوەکانی بەکاردەهێنێت و چۆنێتی پەیپێبردنمان بۆ ئاخاوتنەکان دەستنیشان دەکات و جێناوەکانیش لە زمانی کوردیدا وەك کەرەستەی زمانی هەڵگری ئاوەزداری و تێڕوانینی قسەپێکەران و هەر لەمە پنتەشەوە ئەوە ڕووندەکەینەوە ، کە چۆن قسەپێکەرانی زمانی کوردی لە دونیا دەڕوانن و دواتر لەم ڕوانگەیەوە پڕۆسەی (ناولێنان و جێناوەکان )ی زمانی کوردی پەیوەست بە ئاوەزداری کوردەوە دەخەینەڕوو ، هەر ئەم گرنگییەشە وایکردووە بە سێ تەوەرە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشبکەین :

١) تێڕوانین لە ئاوەزداری و درککردن لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە ،
٢) شیکردنەوەی درککردنی هەستیی و زمانیی ،
٣) درککردنی سایکۆلۆژیانەی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا .

**١) ئاوەزداری**

هەمیشە بیرکردنەوە لە چەمکی واتا پەیوەستکراوە بە زمان و دەربڕینەکانییەوە یاخود بە پێڕەوی بەکارهێنانی زمانی و نازمانییەکانەوە لەلایەکی دیکەشەوە خودی پڕۆسەی بیرکردنەوە وەك لایەنێکی زگماك لێڕوانراوە ، کە تایبەتە بە مرۆڤەوە چونکە پێڕەوەکەی ئاڵۆز و بەیەکداچووە و بوونەوەرەکانی تر تواناى پڕۆسەکردنی زانیارییەکانی بەو شێوە ئاڵۆزەی مرۆڤ نییە ، بەڵکو زیاتر لەمەیش ئەوەیە ، کە بیرکردنەوە وەك ڕەگەز و خەسڵەتێکی دەروونی جێگیر لە مرۆڤدا لێیدەڕوانرێت بەم هۆیەشەوە پێوانەی ژیری و لێهاتووی مرۆڤەکانی پێدەکرێت .

پەیوەندی مرۆڤەکان بە شتەکانی دونیاوە لە ڕێگەی ( واتا )وەیە ، چونکە خودی واتا ئامێری بەستنەوەی مرۆڤە بە خودێتی خۆی و دەوروبەرییەوە ، بەم پێیە لێکۆڵینەوە لە واتا پەیوەست بە بیرکردنەوەوە وەك ناچارییەك دەردەکەوێت ، هەروەها شیکردنەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ تەواو و پڕاوپڕنابێت گەر لە واتا نەکۆڵینەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە درککردنی مرۆڤ و واتا لە پەیوەندییەکی نەپچراوی بەهێزدان ، سەرچاوەی ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ، ئەگەر مرۆڤ بوونی نەبێت واتاش بوونی نابێت بەمەش لەدەرەوەی پێڕەوی درککردن واتا بوونێکی نییە و هەموو بوونێکیش لە دەرەوەی درککردنی هۆشداری مرۆڤ بۆ خودی مرۆڤەکان بوونێکی نییە واتە بوون هەیە بەڵام پێویستی بە درککردن و ئاوەزی مرۆڤە تاوەکو پەیپێببرێت و بدۆزرێتەوە .

بە درێژای تێڕوانینی فەلسەفە و وردبوونەوە لە بوون و بیرکردنەوە چەندین بۆچوون دەربارەی پەیوەندی هەقیقەت و ئاوەز هەبووە پەیوەست بە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەوە دوو دید و بۆچوون سەبارەت چۆنێتی تێڕوانین و پێگەی ئاوەز لە هاوکێشەی ژیاندا دەخەینەڕوو ، چونکە هەموو تێۆرییەکان پەیوەستن بە تێڕوانینەکان لە درککدرنی مرۆڤ بۆ بوون لەبەرئەوەی خودی درککردن لە پرۆسەی زانیاریدا دوای هەستکردن دێت پاشان لە پلەی کۆتایدا دەگۆڕێت بۆ پێزانینی درککراو ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە درککردن کۆتا خاڵی هەستکردنە و بە کۆتا وێستگەکانی هەستکردن ئەژماردەکرێت ، دوا بەدوای ئەم دەستپێکەش قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەبستراکتبوون و پەیوەندی نێوان زانیارییەکان دەست پێدەکات بەمەش هەستەکان دیدگا و ئەزموونەکانمان جۆراوجۆر و ڕەنگینەدەکات ، هەروەها واتاکان لە ناو بیرماندا هەڵدەکەنێت .

بەم پێیە درککردنی واتا و زانیاریی لە ناو ئاوەزدا بۆ ئەو شتانەی لە بووندا هەن و سەرەتاکەی لە پەیوەندییە هەستییەکان و چەشنی بەیەکەوە بەستنەوەی زانیارییەکانەوە خۆی دەبینێتەوە ، لە لایەکی تریشەوە خودی درککردن بە پێی سمیر احمد معلوف ( ٢٠١٠: ١٢٠) گروپێك پرۆسەی ئاوەزییە ، کە ( سەرنجدان و یادگە ) لەخۆ دەگرێت و کۆمەڵە ڕەگەزێك بەرهەمدەهێنێت و لێیتێدەگات لە گرنگترین ئەو ڕەگەزانە ( زمان ، فێربوون ، چارەسەرکردنی گرفت ، گرتنەبەری هۆکار بۆ گەیشتن بە بڕیاردان) .

تێڕوانینەکان بۆ لێکدانەوەی چۆنێتی درککردنمان بۆ خۆمان و دەوروبەرمان جۆراوجۆرەو ڕووبەڕووی چەندین پرسیار دەبێتەوە لەوانە :

بوون چییە ؟

سروشتی بوون بە چ شێوەیەکە ؟

ئایا بوون لە ڕێگەی چ پێوانەیەکەوە خۆی دەردەخات ؟

ئایا عەقڵ ئەو بوونەوەرەیە ، کە بە دوای پرسیاری ( بوون چییە)دا دەگەڕێ؟

ئایا ئەگەر مرۆڤ نەبێت بوون دەبێت ؟

ئەو درککردنانەی مرۆڤ هەیەتی بۆ خودی بوونە یاخود بۆ دیاردەکانییەتی ؟

ئەو ئامڕازە چییە ؟ کە خەیاڵ و هەقیقەت لەیەك جیادەکاتەوە .

لەم شرۆڤە و پرسیارانەوە ئەوە دەردەکەوێت ، کە ئاوەزداری و درککردنی ئێمە دەبێت لە سەرچاوەیەکی زەنگینەوە سەرهەڵبدات لە پێناو لێکدانەوەی بوون ئەو سەرچاوەیەش لە شێوە ناسراوەکەیدا بریتییە لە ( ئەقڵ) هەروەها بۆ درککردن و ناسینەوەی زانیارییەکانەوە دەتوانین وەڵام و تێڕوانینەکان بۆ هەست و ئاوەزداری پرسیارەکانی پێشتر بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشبکەین :

بوون لەدەرەوەی ئەقڵ هەیە ، ٢)بوون لە دەرەوەی ئەقڵ نییە .

**١/ ١ )لێکدانەوە فەلسەفییەکان بۆ پەیوەندی ( بوون و ئەقڵ )**

لە پێناو دیاریکردنی مۆدێلی ئاوەزداری و درککردنی جیهان پێویستدەکات دیدگای فەلسەفی لەسەر کۆی بوون و پەیوەندی بە ئەقڵەوە بخەینەڕوو ، چونکە ئەم تێڕوانینانە کلیلی کردنەوەی تێگەیشتنن لە بیر و هزر بەواتایەکی تر وێنەی ئاوەزی خستنەڕووی ئەو پەیوەندییانەیە ، کە مرۆڤ لە نێو چەمکەکان و دونیای دەرەوەدا دروستی دەکات ، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە گەڕانەوە بۆ چۆنێتی دروست بوون و نیگای فەلسەفیانە بۆ زانیاریی ئاوەزیی پێویستییەکی ناچارییە .

**١/١_١ ) بوون لەدەرەوەی ئەقڵ هەیە**

تێڕوانینەکانی ئەم بۆچوونە سەرەتاکانی لە فەلسەفەکانی پێشین و گریکەوە سەرچاوە دەگرێت و زانیاری ئاوەزی لای ئەمان بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە بۆ نموونە ( بوون) و کۆزانیاریی لەلای ئەفلاتوون وەك دوو دواکەوتەی یەکن ، کە جیهانی باڵا دەنوێنن بەمەش جیاوازی کردووە لە نێوان جیهانی باڵا و جیهانی ئەزموونگەرا و ئەم پێی وابوو ، کە جیهانێکیان لە سەر زەوییە و وێنەی ناکامڵی بون و جیهانی باڵایە .

لەلایەکی ترەوە شیکردنەوەی ئەفلاتوون بۆ ئەم جیهانە ئەوە بوو ،کە وەهم نییە بەڵکو وێنەی ناکامڵی بوونە ڕاستەقینە جێگیرەکەیە هەروەها شتەکانی ئەم دونیایەمان چ خودی خۆیان و چ سیفاتەکانیان لە شتە کامڵەکانی جیهانە ڕاستەقینەکەوە وەردەگرن و خۆشیان لە خۆیاندا ماکی ڕاستی بابەتەکانی جیهانی باڵان چونکە لە جیهانی باڵادا شتەکان و بوون بە پێی کات توشی گۆڕان نابن بەڵام جیهانی بەرجەستە و هەستی ئێمە ڕووبەڕووی زۆر لە گۆڕانکارییەکانی وەك زۆربوون و جوڵە دەبنەوە بەڵام لە دونیای هزر / عەقڵدا واتە دونیای باڵا یەکتایەتی و جێگیری هەیە .

ئەرستۆ زیاتر لە ئەفلاتون ئاماژە بە لایەنی بەستنەوەی ئەزمونکردن و جیهانی باڵا دەکات و پێی وایە ، کە دەبێت زانیارییە ئاوەزییەکان لەڕێگای وێناکردن و باوەڕکردنەوە چارەسەربکرێت **عبدالرحمن بدوی** ( ١٩٨٤:٢٩) ، خودی ئەم چارەسەرکردنەیش لە ڕوانگەی (خود و بابەت) ەوە دەکرێت و لە ئەم لێکدانەوەیەیدا ئەرستۆ هەوڵیداوە خۆی دوورەپەرێز بگرێت لە لێکدانەوەی میتافیزیکی و پێی وابوو ، کە ئەقڵی مرۆڤ بە سروشتی خۆی توانای درککردنی بەهای شتەکانی

هەیە بە شێوەیەکی تەواو و پڕاوپڕ ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت ، کە بەهای شتەکان واتای گشتی شتەکان خۆیانن ." هەروەها سروشتی درکپێکردنی شتەکانیش بریتییە لەوەی " بەهای ڕاستەوخۆ، کە هەمیشە لە ڕێگەی هەستەکانەوە جێبەجێدەبێت هەستیش بەهۆی دیاردەکانەوە لە بەش تێدەگات بەم پێیە عەقڵ هەست بە گشت و بەش دەکات" عبدالرحمن المیدانی (٢٠٠٤: ٤٣) بۆ نموونە مرۆڤ درك بە بەهای ئاو دەکات ئەم درککردنەش ئاشکرادەبێت کاتێك هەستی بەرجەستەکراوی ( تام ، بەرکەوتن ، بۆنکردن) کارادەبێت .

ڕەهەندێکی تری بۆچوونەکانی ئەرستۆ بریتییە لە دوانەی ( بوون بە ناچاری و بوون لە هەناودا) =وجود بالفعل و وجود بالقوە- واتە شتە ماقوڵەکان بوونیان هەیە لە شێوەی وێنەی هەستپێکراودا هەربۆیە ئێمە پرۆسەی فێربوون بەسەرماندا جێبەجێنابێت و تێناگەین ئەگەر هەست نەکەین تاکیش کاتێك هەستێك لە دەستدەدات ئەوا ئەو تاکە بێبەشدەبێت لە هەموو ئەو کۆزانیارییانەی ، کە لەو هەستەوە دەستی دەکەوێت و لە بەرانبەریشدا ئاوەزدارێتی دەبێت لە ڕێگەی هەڵگرتن و بونیادنانەوەی وێنەی خەیاڵیدا قەرەبووی هەستە لەدەستدراوەکەی بداتەوە .

بە پێی ئەم بۆچوونە پێوانەی زانستی بۆ لێکدانەوەی بون ، کە لەلایەن هزرەوە بە دوو ڕێگا دەبێت:

یەکەم : زانینی ئەو شتەیە ( بە بوون یان نەبوون ) هەندێك جاریش بە باوەڕ ناودەبرێت یاخود زانینە لە ڕێگای ناوی شتەکەوە ، کە ئاماژەپێکەرێتی و ئەمەش پێی دەگوترێت وێناکاریی بۆ نموونە بڕوابوون بە پێشەکییەکی لۆژیکی خودی بڕوابوونە وەك:

١. ( مرۆڤ لەناوچووە ) ،
٢. ( ئاو بێڕەنگە ) ،
٣. ( بەفر سپییە )
٤. ( ئەمڕۆ (٢٠١٢/١٢/١٢ ) پادشای عێراق بڕیاری دا هاوڵاتییە بارمتەکراوەکان ڕزگاربکات )

پەیوەست بە زمانەوە ئەم تێڕوانینە خۆی لە مەرجی ڕاستەقینەدا دەبینێتەوە بۆنموونە( بەفر) کاتێك (سپیی)ە ئەگەر و تەنها ئەگەر بەفر ڕەنگی سپی بێت هەروەها دەستەواژەی( پادشای عێڕاق) کاتێك ڕاست دەبێت ئەگەر ( عێڕاق پادشای لەساڵی ٢٠١٢ دا هەبێت ) و ئەگەر نا ئەوا دەستەواژەکە هەڵە دەبێت ، واتە پاش بڕوابوون بەو شتانەی لە بووندا هەن دەستەواژەکان لە زماندا ڕێکدەخرێن .




**هێڵکاری ژمارە – ١–**

**نەخشاندنی زانیاریی هزری بەهۆی زمانەوە لە هزرداو**

**تێڕوانینی ئەفلاتون بۆ زانیاریی ئاوەزی و زمان**

**<u>دووهەم</u> : گومانکردن لە بوون ، دیکارت واقعێکی تری خستەڕوو دەربارەی بوون و هەقیقەتی شتەکان هەروەها دەربارەی زانیاریی ئاوەزی ، چونکە ئەو گومانی لە هەموو شتێك هەبوو و تەنها میتۆدێك ، کە بۆ بوون دایانبوو بریتی بوو لە گومان ، بەمەش تاکە شتێك ، کە ڕێبازێکی زانستیی بێت خودی گومانکردنە هەروەها پێی وابوو ، کە گومانکردن جۆرێکە لە بیرکردنەوە هەربۆیە کۆجیتۆکەی بریتی بوو لە " من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم " ، بەمەش گومانکردن وەك هێڵی نزیکبوونەوە لە نێوان باوەڕبوون و درککردندا دەرکەوت و ئەو بارە ڕەهایەی ، کە بوون هەیبوو بۆ چەندین پەرت و بەش پەرشکردەوە ئەم گۆڕین و پەرشبوونەوەیەش لە قۆناغەکانی دواتری مێژوویدا (بێهودەیی)، (نیهالیزم)، (عەدەمییەتی) بەدوای خۆیدا هێنا .**

**پەیوەست بە سروشتی گومانکردنەوە کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی دیاریکرد بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی بێهودەی لەگومانکارییەکانیدا لەوانە :**

**أ. ئەو بیرۆکانەی ، کە بە هۆی هەستەکانەوە دێن هەقیقین بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوانەش ١٠٠٪ نین چونکە ڕەنگە زانیاری پێشوەخت ئەم جۆرە هەستانە بە هەڵدابەرێت ،**

**ب. بیری لێکدراو ، کە بە هۆی زانیاری دروستکراو و خەیاڵەوە بەرهەمدەهێنرێت و ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە زیاتر گومانگەرایە ،**

**پ. بیرۆکەی زگماکی ، گرنگترینیان بیرۆکەی کامڵبوونە و دیکارت کۆمەڵێك سەرچاوەی بۆ ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە دیاریکردووە لە ئاکامدا بۆی دەرکەوت ئەم چەشنە بیرکردنەوەیە ناگەڕێتەوە بۆ درککردنی هەستی یان پێکهاتەی خەیاڵی ، بە واتایەکی تر ناگەڕێتەوە بۆ خودی بیرکەرەوە چونکە ئەم خودە کامڵ نییە بەبەڵگەی ئەوەی گومانی هەیە بەمەش خودی ناکامڵ ناتوانێت وێنا و**

وێنەکاری کامڵ وەك خۆی بکات .

**١ / ١_٢ ) بوون لە دەرەوەی ئەقڵ نییە .**

لێکدانەوەکانی ئەم بۆچوونە پەیوەستە بە پێکهاتنی زانیارییەکان لە ناو ئاوەزدا ، واتە ئەو پەیوەندیی و پێکەوەهاتنانەی بە ڕووتی ( مجرد ) ی لە ئاوەزدا دروست دەبن هەر ئەوانەن (بوون و دیاردەکان)ی دیاریدەکەن و ، گەر ئاوەزداری نەبێت ئەوا خودی بوون هیچ ناگەیەنێت بەڵکو خودی ئەقڵە ، کە نرخ و بەها دەبەخشێت و هەندێك جاریش بەهەڵەماندا دەبات چونکە ئەم ( ئەقڵ) چۆنی بوێت وەها واقع دەنوێنێت .

لەم ڕوانگەیەوە ئیسپینوزا گەشەی بە بۆچوونەکانی دیکارت دا پاشان لەسەر ئەمەش فەلسەفەکەی دامەزراندووە و سێ جۆر مەعریفەی دیاریکردووە :

**جۆری یەکەم** : ئەو کۆ زانیارییەیە ، کە دابەشدەبێت بۆ ئەو شتانەی پەیوەستن بە هەستەکانمانەوە و بوونەتە بەش و پارچەکانیان پێدەخوێنینەوە ، هەڕەمەکین و ڕێکخستنیان نییە ئەم جۆرە کۆزانیارییە بەشێکی پەیوەستداری هەیە ، کە بە کۆزانیاریی بیستەنی ناودەبرێت و یارمەتیمان دەدات ، کە بیرۆکەی دەربارەی ئەو شتانەی ، کە لێیدەچن و خەیاڵیان لێدەکەینەوە پێکدەهێنن .

**جۆری دووهەم** : ئەو جۆرەیە لە بیرکردنەوە، کە لە ئەنجامی ئەو بیرۆکە گشتیانەی لە ناو خەڵکدا هەیە دروستدەبن ، بیرۆکەکانیش دەربارەی تایبەتمەندییەکانن و ئەم جۆرە پێشی دەگوترێت عەقڵ/ ئاوەز .

**جۆری سێهەم** : (حدس) ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە لە بیرۆکەیەکی دیاریکراو لەسەر ماهیەتی ڕەها/ سیفاتەکانی خودا دەگوێزرێتەوە بۆ هەندێك لە بوون و شتەکانی دەوروبەرمان .

هەروەها ئیسپینوزا پێی وایە عەقڵ کاتێك دەتوانێت بوونی خۆی بە دەوروبەرەوە ببەستێتەوە ، کە بتوانێت کارگەر بێت بە ژینگەی دەوروبەری هەر لەبەر ئەمەشە کاتێك خۆی دەناسێت بیر دەربارەی شتەکانیش تۆماردەکات .

لەلایەکی دیکەوە جۆن لوك هەموو بیرێکی خۆڕسکی زگماکی بەرپەچدایەوە و نکوڵی لێکرد ، پێی وابوو ، کە منداڵ کاتێك لەدایك دەبێت وەك پەڕەیەکی سپی وایە Tabula Rasa بە شێوەیەك هیچی لەوەو پێش لەسەر هەڵنەکەنراوە بەڵگەش بۆ ئەمە منداڵان هەست بە ناسنامەی نەتەوەی ناکەن یاخود پەسەندیشی ناکەن هەروەها مرۆڤ سادە و ساکارەکان دەژین بێئەوەی لۆژیك بۆ خۆیان هەڵبژێرن .

بەڵام ئەم بەڵگانەی جون لۆك بۆ چۆنێتی بیرکردنەوەی زگماکی تەواو و پڕاوپڕ نییە چونکە نالوژیکی بوونی کەسانی سادە خۆی لە خۆیدا لۆژیکە ، کە بەهۆی هەستی گشتییەوە Common Sense واقع دەناسنەوە بەمەش نالۆژیکی بوونەکەیەیان لە پێوەری ئێمەدا بۆ خودی خۆیان لۆژیکییە .

(دیڤد هیوم)یش گەشە بەم چەشنە بیرکردنەوەیەی جون لوك دەدات و پێی وایە ، کە ئێمە خاوەنی خدە ( انطباعات Impressions) و بیرۆکەین Ideas، خدەکانمان بریتین لە هەستەکان ، هەڵچوونەکان و سۆزەکانمان لە بەرانبەردا بیرەکانمان کۆپییەکی چووەوەی ئەم خدانەن و هەستی گوماناویش ئاڕاستەیان دەکات .

(کانت) لە ڕێگەی عەقڵگەراییەوە ئەو زانستانەی بەلاوە پەسەند بوو ، کە تێیدا هەستەکان بەهۆی تاقیکردنەوە و ئەزموونکردنەوە پێوانە دەکرێن وەك زانستەکانی فەلەکناسی ، ماتماتیك ..هتد.
عەقڵی ڕووت ( مجرد) لای کانت بریتییە لەو عەقڵەی بە بێ ئەزموونش لە شتەکان دەگات و بیریان لێدەکاتەوە بەڵام کانت لە ڕەخنەی ئەقڵی ڕووتدا باس لەو پێڕەوە دەکات ، کە دەبێت زانست هەبێت واتە پاشخانێك هەبێت بۆ ئەوەی کۆزانیاریی ئەزمونگەرای پێ جێبەجێ بکرێت ، هەر ئەم ئەزموونەشە ، کە وادەکات بزانرێت ڕاستی و دروستی خودی ئەزموونەکانیش بە چ جۆرێکن .
(کانت) و پۆزتیڤیزمەکان پێیان وایە ، کە پێویست ناکات لەسەر بابەتی میتافیزیك بووەستن چونکە میتافیزیك ناتوانێت لە ڕێگەی هەستەکانەوە درکی پێبکرێت و بە دیوێکی دیکەشدا میتافیزیك خۆی بۆ هەستەکان ئاشکرا ناکات بەڵام هیگڵ بە پێچەوانەی( کانت)ەوە وەها لە واقعی دەڕوانی ، کە ئەقڵ بەستەرەوەی واقعە و فەلسەفەی بنچینەیش بریتییە لە تێگەیشتن لە واقع بۆ ئەوەی مەعقول بێت پاشان ئەو واقعە وەهای لێبکرێت ، کە لەگەڵ خود و بووندا بن بە یەك خودی ئەم پێکهێنان و بەیەکبوونەش واقعە ، چونکە هەرکاتێك واقعمان بەستەوە ئەوا ئەو کات هەموو شتەکانی ، کە لە خودیشدا بن دەبن بە واقع وەك لەم فۆرمە لۆژیکییەدا دەیخەینە ڕوو :

ئەقڵ + خود = واقع

بەمەش هەموو شتێکی ناو ( خود) بریتی دەبێت لە واقع

$$X+Y=Z$$

ئەگەر و تەنها ئەگەر $Z$ بەشێك بێت لە $X$ ئەوا ئەو کات $Z$ دروستکراوی $X$ دەبێت
بەم پێیە هەموو بابەتە ئایدیال و نموونەییەکان بریتین لە جیهانێك ، کە ( خود)یان تێدا هەیە و دەچنە جیهانی هەستەکانەوە بەمەش :

$X = Y$ ( ڕەها )

$Y=$ ڕێکخستنی$Z$

بەپێی ئەو بۆچوونە فەلسەفیانەی ، کە پێشتر خستمانەڕوو دەتوانین پەیوەندی لێکدانەوەی سروشتی ئاوەز و درککردن ڕوونبکەینەوە




هێڵکاری ژمارە – ٢ –

٢ ) **شیکردنەوەی درککردنی هەستیی و زمانیی ( چەمك و تێڕوانین )**

تێڕوانینی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ درککردن خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ، کە بوون هەیە و نوێ نییە بەڵام پێویستی بە ئەقڵ و هەست هەیە ، کە ئەزموونی ئەو بوونە بکات وخودی بوونەکەش ئاشکرا ببێت ( تجلی بکات) .

لەکاتێکدا هەست بەم تێگەیشتنە تەنها ڕوانگە ڕووکەش و بەرجەستەکراوەکە نییە بەڵکو پرۆسە

ناوەکییەکانیش دەگرێتەوە و ئەو وێنە و تێگەیشتنەی ، کە ئەم تێڕوانینە دروستی دەکات لەئەنجامی هەستەکانەوەیە و لە هەمانکاتیشدا و لەسەر ئاستێکی دیکەدا (بوون و تێگەیشتن) بۆ ( گشت و بەش) دابەشدەکات.

لەکاتێکدا ڕەتکردنەوەی گشت نەرێکردنی بەشیشە هەرچەندە ڕەتکردنەوەی بەش بەواتای ڕەتکردنەوەی گشت نایەت بۆ نموونە مرۆڤ جۆرێکە لە جۆرەکانی گیاندار و گیاندار پۆلبەندی مرۆڤە بەمەش مرۆڤ تایبەت و بەشە بەڵام گیاندار ( گشت )ە لێرەشەوە ئەگەر تایبەتییەکی دیاریکراو لە گیانداردا نەبێت بەگشتی لە مرۆڤیشدا نابێت ،بەڵام ئەگەر تایبەتییەك لە مرۆڤدا نەبێت ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ، کە سەرجەم گیاندارەکانی تر بەو شێوەیەن.

بۆ نموونە( گیاندار ) زیندووە بەمەش مرۆڤ سیفاتی زیندوویێتی وەردەگرێت بەڵام ئەگەر تایبەتییەکی دیاریکراوی مرۆڤ وەربگرین دەبینین مەرج نییە ئەو تایبەتییە بسەپێنرێت بەسەر هەموو گیاندارەکانی تردا وەك ئەوەی مرۆڤ بیردەکاتەوە یان قسەدەکات هەر بەم هۆیەشەوە دەتوانین درکپێکراوە ئاوەزییەکان لە کتێبە لۆژیکییەکاندا و لای عبدالرحمن المیدانی (٢٠٠٤: ٤٣) بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:




هێلکاری ژمارە – ٣ –

لێرەشەوە دووجۆر درککردن هەیە یەکەمیان درککردنی شتە تاکەکانە وەك جەستە ، جوڵە ، هۆکار و ناوەڕۆکی هەموو ئەو شتانەی ناوی تاکیان هەیە ، دووهەمیشیان ( باوەڕ) ە ، کە درککردنی ئەم تاك و زاراوانە بە ئەرێ یان نەرێ " وێناکردنی بەبێ حوکمکردن پێی دەگوترێت وێنەکاری ، بەڵام بە حوکمکردن و نەفیکردنی هەریەکێکیان پێی دەگوترێت باوەڕو باوەڕپێهێنان" لێرەوە درککردن گروپێك پڕۆسەی ئاوەزییە ، کە ( سەرنجدان و یادگە ) لەخۆدەگرێت و کۆمەڵە ڕەگەزێك بەرهەمدێت

لەوانە ( زمان ، فێربوون ، چارەسەرکردنی گرفت ، گرتنەبەری هۆکار و بڕیاردان )و لە بواری زانستی درککردن و سایکۆلۆژیادا ئاماژەیە بۆ پرۆسەکردنی زانیاری و لە ئەرکە تاکگەرایيە سایکۆلۆژییەکان دەکۆڵێتەوە و پەیوەست بە زانستی زمانی دەروونی و پەیوەندییەکانی بە سایکۆلۆژیای درککردن و زانستی زمانی درککردنەوە چەندین بواری کارکردن و شیکاری بۆ زمان بەدەست دەخرێت ، کەشیاوترینیان کایە و کارکردنە لەسەر پەیوەندی بیر بە زمانەوە لەلایەکی ترەوە خۆخەریککردنی ، سایکۆلۆژیای درککردن بە وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی وەك (زمان چییە؟ و زمان بۆچییە و دیاردە و پەیوەندییەکانی بە پێڕەوەکانی تری درککردنەوە چییە ؟)لە پێناو پەسەندکردنی چۆنێتی درککردن بەگشتی و درککردن و لێکدانەوەی زمانە بە تایبەت.




هێڵکاری _ ٤ _

لەمەشەوە درککردنی یەکە زمانییەکان لەتێگەیشتنی زانیارییەکاندا خۆی دەبینێتەوە ، کە لە یادگەدا جێبەجێدەبێت  لە ڕاستیدا ئەم زانستە وەك کاردانەوەیەکی بنەڕەتی بوو بۆ بزوتنەوەی ڕەفتارگەراکان ، و ئەو پەیوەندییانە ڕاڤە دەکات ، کە لە نێوان زانستی زمان و سایکۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیادایە .




هێڵکاری _ ٥ _

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا تیۆرییەکانی درککردن کار لەسەر بیرکردنەوە (بەئاگاوە)دەکات هەروەها

جەخت لەسەر جیاوازییە تاکگەراییەکان لە تێگەیشتندا دەکاتەوە، بەمەش ئەم تیۆرییانە جەخت لەسەر بۆچوونی دووهەم دەکەنەوە و پێیان وایە ، کە عەقڵ و هەستەکان هەن بۆیە بوونیش هەیە و زمانیش لە کەناڵەکانی هەستەوە درککی پێدەکرێت ، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەو ڕێچکەیەمان هەڵبژاردووە ، کە ئاوەزداری هۆکارێکە بۆ بەرجەستەبوونی بوون و هەرئەمەشە ، کە وادەکات ئێمە لە کاتی گفتوگۆکردندا توانای ناسینەوە و بەستنەوەی هێما زمانی و نازمانییەکانمان بە هەقیقەتەوە هەبێت و تەنانەت بەڵگەی زمانی و نەخۆشییە زمانی و ئاوەزییەکان بهێنینەوە وەك بەڵگە بۆ ئەوەی بوون هەیە و ئەقڵ( ئاوەزداری)یش تێیدەگات و درکی پێدەکات .

دەکاتەوە یەکێك لە پێشنیازە گرنگەکانی زانستی زمانی دەروونیی و سایکۆلۆژیای درککردن بریتییە لە پرۆسەکردنی زانیارییەکان ،چونکە فێربوونی دروست لە ئەنجامی تێگەیشتن لە کۆی بابەتەکانەوە دەبێت نەوەك پارچە پارچەکردنیان ئەم زانستە هەوڵیداوە پرۆسە شاراوەکانی ئاوەز شیبکاتەوە لە هەمانکاتدا نەخشەیەکی هزری پەسەند بکات بۆ چۆنێتی (تێگەیشتن، بیرکردنەوە ، زانین)مان لە دونیا، لە زمانیشدا ناولێنانی شتەکان و دروستکردنی ڕستە و گوتەکان دەبێت لە کۆیەکدا لێیانبڕوانرێت بەبێ پەرتکردنی ئاستەکان ، چونکە یەکە زمانییەکان وەك یەك پێکهاتەی تەواو و پڕاوپڕ کاردەکەن و ئاستێك بەبێ تێکەڵبوون و پێکداچوونی لەگەڵ ئاستەکانی تری زمان ناتوانێت ئەرکی زمانی خۆی جێبەجێ بکات .

لەلایەکی ترەوە تێگەیشتن لە جێناوەکان و درککردنیان لە ئاوەزدا هەروەها ئەو جیهانەی ، کە ئەمان دەینوێنن لە ئاوەزداریدا کارێکی ئاسان نییە لەبەرئەوەی جێناوەکان لە بری ناو بەکاردێن و بەستنەوەشیان بە دونیای دەرەوە لەڕێگەی ئەو ناوانەوە دەبێت ، کە ئاماژەیان بۆدەکەن ئەم هۆکارانەشە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بە جیاکراوەیی لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ئاوەزداری و درککردنی جێناوەکان بڕوانین .

**٣) درککردنی سایکۆلۆژیانەی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا**

درککردنی ئاوەزداریمان بۆ یەکە زمانییەکان پەیوەستە بە چەندین یاسای درککردنەوە و دواتریش ئەم یاسایانە کاریگەرییان لەسەر لێکدانەوە و تێگەیشتن لە ناو و جێناوەکان دەبێت " ئەو نیشانە تایبەتییانەی کە دەبن بە بەردی بناغە لە پرۆسەی ناوناندا ، لە میلەتێکەوە بۆ میلەتێکی تر ، دەگۆڕێن ، دیارە ئەمەش بەستراوە بە جیاوازی بیروڕا و تێڕوانین و لە سروشت دەوروبەر و پەیوەندێیەکانی ناو کۆمەڵ کە لە هەر میلەتێکدا ، تەماشای بکەیت لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازیان لەگەڵ یەکدا ، هەیە ، چونکە هەموو میللەتێك ، ڕەوتی ژیان و ئەو قۆناغە مێژوویانەی پێیاندا تێپەڕدەبێت ... مرۆڤ لە هەر شوێنێك ، بێت لە جیهاندا ، چەمك ، دەردەبڕێت ، بەڵام ڕەنگ و بۆی نەتەوایەتی لە جۆر و چەشنی چەمکدا بە هەموو زمانێکەوە " فاروق عومەر سدیق(٢٠١١: ٣٣-٣٤) لە گرنگترین ئەو یاسایانە :

١. <u>یاسای لە چێوەدان</u> :بە پێی ئەم یاسایە کاتێك بوون درکدەکەین و لە زانیارییەکان تێدەگەین ئەگەر وەك شێوەیەکی پڕاوپڕ و لە هەموو ڕەهەندەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین

، بۆ نموونە ئەگەر تەنها یەك ڕەهەندی وێنەیەك ببینین وێنەیەك ببینین ناتوانین وەك پێویست لە کۆی گشتی وێنەکە تێبگەین بەڵکو هەموو وێنەکە دەبێت جێگەی بایەخ بن و لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ببینرێن ، ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت ئەوا درککردنمان بە لاڕێمان دا دەبات و ڕاستی و ڕاستەقینەی بابەت و وێنەکە درك ناکەین وەك لە وێنەی هەڵخەڵەتێنەری بینیندا دەیبینین :



وێنەی _ ١ _

لە وێنەی (١) دا تەنها ڕوانین لە بەشێکی وێنەکە وەك ڕوانین لە ڕەنگکراوە ڕەشەکان سێبەری ( فیل ، سەگ ، مشك) مان دەداتێ و بەتەنها ڕوانین لە بەشە سپییەکەش سێبەری ( ئەسپ ، پشیلە ، مەیمون) مان دەداتێ بەڵام بە ڕوانین لە گشت توانای ناسینەوەی هەموو وێنەکانمان دەبێت ، لە زمانیشدا بەهەمان شێوە کۆی زانیارییە زمانییەکان یاریدەی تێگەیشتنێکی سانا و ڕەوان بێت واتە هەر بەشێکی بچڕاو یان نەبیستراو یان نەوتراو دەبێتە هۆی لێکترازانی تێگەیشتن لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەروەها نەگەیشتنی زنجیرەبەندی بیرەکان بۆ نموونە:

– تۆ کەسێکی زۆر بێـــ///ـزار . نەبیستنی وشەی ( نان) ڕەنگە چەندین وشەی تابوو و بێڕێزی چالاکبکاتەوە و سەرجەمی واتاکە وەك خۆی نەگات .

ئاڤێستا کەمال مەحموود ( ٢٠١٢) وەهای خستووەتەڕوو ، کە جێناوە سەربەخۆکان لە زمانی کوردیدا کۆنکرێتکراون بەرانبەر بە کەسەکانی کە ئاماژەیان بۆ دەکەن بە تایبەت ( کەسی یەکەمی تاك / کۆ ، کەسی دووهەمی تاك / کۆ ، کەسی سێهەمی تاك/ کۆ) واتە بەکارهێنانی هەر جێناوێك لە کۆمەڵەکەدا (من ، ئێمە ، تۆ، ئێوە، ئەو ، ئەوان ) ئاشکرایە بەرانبەر بە چ کەسێکە لە ڕووی ( تاك / کۆ) هەروەها لە ڕووی ( یەکەم ، دووهەم ، سێهەم) کەسەوە بەڵام کەسی سێهەمی (تاك وکۆ) لەبەر گشتگیری ئاماژەییان لە چێوەدانیان ئاسان نییە ، چونکە ( ئەو ، ئەوان) بۆ هەموو ( گیاندار و بێگیان) ەکان دەگەڕێتەوە ، کە لە بووندا هەن " تایبەتێتی واتای جێناو لەوەدایە ، کە وا نەك تەنیا واتای کەس و شت و چۆنێتی و چەندێتی نیشاندەدا ، بەڵکو پەیوەندییان لەگەڵ کەس و شت و چۆنیەتی و چەندێتی تریشدا ڕادەگەیەنێ و خاسیەتییان لە ڕووی ئەو پێوەندییەوە دیاریدەکات " ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ٢٠٠١: ٧٥).

لە لایەکی ترەوە درککردنی جێناوە لکاوەکانی زمانی کوردی بە پێی یاسای لە چێوەدان بۆ هەردوو

دەستەی ( م _ مان ، ت _ تان ، ی_ یان) و ( م _ ین ، یت _ ن ،Ø _ ن) بە شێوەی تایبەت دەبێت:

من - تۆ ) لە چێوەدراون و ئاماژە بە کەسی دیاریکراو دەکەن لە دەرەوەی زمان

ئێوە _ ئێمە ) (لە نێوان ڕوونی و سێبەرداریدان) و لە چێوەدراوی تەواو نیین .

ئەو _ ئەوان ) تەمومژاوین و لە چێوەنەدراون .

ئەم پلەدارییە لە دەوروبەردا بە تایبەت دەردەکەوێت ، کاتێك بەستنەوەی جێناوەکان بە ناولێنراوەکانەوە توشی گرفت دەبێت بۆ نموونە :

١.أ. نالان : ئێمە کۆششمانکرد و کێ بەرەکەی خوارد !

ب. دلان : (زەحمەت نەبێت ، ئێمە کێیین ؟)

٢.أ.نالان : ( ئێوە ) ئەم میللەتەتان بەرەو چ ئاقارێ برد!

ب. دلان : ئێمە کێین ؟ دەبلێ ( فلأن ) بۆ ڕوو دەکەیتە هەموان .

٣.أ.نالان : ( ئەوان ) ، هەمیشە لە خزمەتی نەتەوەدا بوون !

٤. ( ئەوان ) زۆر زەرەرمەندن ⟸ کەسەکان ، مەیمونەکان ، ڕەشەبا و زریانەکان ...

بەهەمانشێوەی جێناوە سەربەخۆکان جێناوە لکاوەکانیش پلەدارن لە نێوان (ڕونی ، سێبەرداری و تەمومژداری)دا :

م _ ت ) لە چێوەدراون و ڕوونن ( هاتم _ هاتیت )

مان _ تان ) لە نێوان ڕوونێتی و سێبەرداریدان ( کۆششمان کرد ، زەحمەتتان کێشا )

هەندێك جار لە پلەی ڕێزداریدا ئاماژەداری ( تان و ئێوە ) وەك پێویست بۆ کۆ ناگەڕێتەوە بەڵکو ئاماژە بۆکراوەکە (تاکە ) و شکۆی پێدەبەخشرێت .

( ی _ یان) لە چێوەنەدراون و درککردنییان پێویستی بە ناسینەوە و جیاکردنەوەی زۆری لە نێوان ئاماژە بۆکراوەکاندا هەیە و ئەم حاڵەتی بۆ گەڕانەوەیە لە باری ( تێنەپەڕیدا بەهێزتر و تەمومژاوی تر دەبێت) .

**٢.یاسای پڕبوونەوە:** هزرمان پڕە لە چەمك و فۆرمەکان هەرلێرەشەوە ئێمە بەپێی ئەزموونە پێشینەکانمان فۆرمە زمانییەکان بۆ ئەوچەمکانەی دەمانەوێت دەریانبڕین هەڵیاندەبژێرین و هەرئەمانیشن واتە تاقیکردنەوە پێشینەکان تێکەڵدەبن بە پەیپێبردنەکانمان بۆنموونە :

٥. دوێنێ هین م کڕی .

٦. دوێنێ ( پەتا........ )ەم کڕی . (( پەتاتە)م کڕی) هزر خۆی هەڵدەستێت بە پڕکردنەوەی دەنگ/ پیتە قرتاوەکە و دروستکردنەوەی ئەو چەمکەی گوێگر مەبەستێتی .

لە درککردنی سایکۆلۆژیانەی جێناوەکاندا جێناوی (م) لە پێش هەموو جێناوەکانی ترەوە هزر هەڵدەستێت بە بەستنەوەی بە دونیا و ڕاستی و ڕاستەقینەوە پاشان جێناوەکانی ( ی ، ن ، ن) دێن لە تەمومژداریدا هەروەها هاتنی ئارگۆمێنتی بەکارهاتوو لە ڕستەدا جێناوی لکاوی دەرنەبڕاویش پردەکەنەوە و ئەم پڕکردنەوەیە بۆ کەسی سێهەمی تاك لە ناو زماندا سانایە و وەك ئاماژەشمانپێدا بەستنەوەی بە دەرەوەی زمان و دونیاوە گرفتدارە ، چونکە " چەمك حاڵەتێکی شازی لەگەڵ جێناودا هەیە ، ئەو چەمکەی جێناو دەریدەبڕێت ، سروشتێکی ( تەبیعەتێکی ) گشتی تیادایە و بەستراوەتەوە بە ڕووداو ( حەدەس – سیچوەیشن ) ەوە ، من قسەکەرە ( سوبێکت ) کە بەشداری قسەکردنەکەیە ، تۆ- گوێگرە ، هەر لە یەك گفتوگۆدا ،من دەبم بە تۆ و تۆش دەبیت بە من " فاروق عومەر سدیق ( ٢٠١١: ٢٩).

٧.أ. من هات ... ( م ) پڕكردنەوە و درككردن و بەستنەوەیان بە ناولێنراوەكانەوە سانایە .

ب. تۆ هات ...( یت )

پ . ئەو هات .... پڕكردنەوەی پێویست نییە، چونكە جێناوەكە ئەبستراكتە و فۆرمی فۆنەتیكی نییە له لایەكی ترەوە بەستنەوەی بە دەرەوەی ڕستەكە ئاڵۆزە، چونكە نازانین (ئەو) كێیە تەنها لەو كاتەدا نەبێت ، كە زانیاری هاوبەش لە نێوان قسەكەر و گوێگردا هەبێت .

٣. **یاسای نزیكیی** : ئەم یاسایە جەخت لەسەر بۆشای( دووری ) و كات لە نێوان شتەكانی نێو دونیا دەكاتەوە ،كە چۆن ئەم دوو ڕەهەندە زنجیرەی بیركردنەوەكانمان لێكدەدەنەوە و چۆنێتی تێڕوانینمان بۆ شتەكان دەردەخەن لە زماندا بە دوایەكداهاتنی وشەكان چۆنێتی تێڕوانینمان بۆ شتەكان لە دونیای دەرەوەدا بۆ نموونە چۆنێتی ناونان و ئاماژەبۆكردن دەردەخەن .




وێنەی _٢_

لە وێنەی (٢) دا دوری مێزەكە و ڕادەی بۆشای لە نێوان دوو كارێكتەرەكەدا ئەوە دەگەیەنێت ، كە دوو كارێكتەرەكە بێگانەن بە یەكتر و لە وێنەی (٢.أ) دا بە پێچەوانەوە وەها دەردەكەوێت ، كە پێكەوە دوو كارێكتەرەكە سەرقاڵی گفتوگۆكردنن و مێزەكە جێگەی سەرنجیان نییە بەم پێیە دووری نێوان كارێكتەرەكان و مێزەكە لە هەر جارێكدا درككردنی جیاواز دەگەیەنێت لە بواری سینتاكسیشدا ئەم جوڵاندنانە دەبنە هۆی دروستبوونی ڕستەی باسمەند كاروان عومەر قادر( ٢٠٠٨) .

بە پێی ئەم پرنسیپە لە زماندا دركردنی یەكە زمانییەكان پەیوەستە بە بەدوادا یەكهاتنی كەرەستە زمانییەكان هەموو جێگۆڕكێیەك لە نێوان كەرەستەكانی ڕستەیەكدا جۆری درككردن و ئاوەزداری دەگۆڕێت بۆ نموونە :

٨.أ.جلی كوردیت بۆ حەمە و زیوە كڕیوە ؟

ب.جلی كوردیت بۆ حەمە و...زیوە كڕیوە ؟

پ.جلی كوردیت بۆ زیوە و حەمە كڕیوە ؟

بۆشایی ڕیزبوونی كەرەستەكانی ناو ڕستە لە زمانی كوردیدا بەهۆی جێناوە لكاوەكانەوە كەمدەكرێتەوە لەم ڕێگایەشەوە یاسای دركردنی نزیكی وێنەیەكی چڕ و بەناویەكداچوو دروستدەكات .

– كرداری تێنەپەڕ : من ڕۆشتم ، ئەو كەوت ، تۆ هاتیت

– كرداری تێپەڕ : من دارەكەم بڕییەوە .

بكەر لە هەردوو جۆرە كردارەكەدا (كرداری تێنەپەڕ و تێپەڕ) دا بۆشای خۆی و مەودای دوورییەكەی لەگەڵ بەشی كرداردا كەمدەكاتەوە بەهۆی جێناوە لكاوەكانییەوە لە ڕستەی كردار تێنەپەڕدا بۆشای لەگەڵ خودی كردارەكەدا كەمدەكاتەوە هەر بۆیە لە كاتی دركردندا چەمكێكی پڕاوپڕی كردارەكان دەگەن بە

تایبەت لە ڕستەی سادەی ناتەمومژاویدا بەڵام لە ڕستەی تەمومژاویدا گەڕانەوە و دیاریکردنی بڕی بۆشای نێوان بکەر و کردار دیاریکراو نابێت بەتایبەت کاتێك بکەر کەسی ( سێهەمی تاك / کۆ ) یان کەسی ( دووهەمی کۆ ) بێت و ڕستەکەش ڕستەیەکی ئاڵۆز بۆ نموونە :

٩ . منداڵەکە یاری بە بوکڵەکە دەکرد و لە ناکاو کەوت .

أ . منداڵەکە یاری کرد و کەوت .

ب . بوکڵەکە کەوت / یان شتێکی تر کەوت .

لە ڕستەی (٩) دا ڕوونی تێنەگەیشتن کاتێك ڕوودەدات ، کە بۆشای نێوان هەردوو ئارگۆمێنتەکە( منداڵەکە، بوکڵەکە) لەگەڵ کردارەکەدا وەك پێویست نەبەستراونەتەوە و پڕنەکراوەنەتەوە ، هۆکاری ئەم حاڵەتەش جێناوی کەسی سێهەمی تاکە هەر ئەمەشە کە وادەکات تەمومژی واتای ڕووبدات و لە شێوەیەکی پرۆسەیەکی سایکۆلۆژیدا گوێگر یەکێك لە بکەرەکان ببەستێتەوە بە کردارەکەوە و بڕی بۆشای درککردنی یەکێکیان کەمبکاتەوە و ئەویتریشیان دووربخاتەوە بە پێی ئەو تێگەیشتن و دەوروبەرە ئاوەزییەی ، کە یارمەتی دەدات پەیپێبردنەکەی سانا بێت .

هەروەها لە ڕستەی کردار تێپەڕیشدا بکەر لە هەوڵدەدات بۆشای نێوان خۆی و کردار لە ڕێگەی جێناوی لکاوی بکەرییەوە کەمبکاتەوە بەڵام ئەم پرۆسەیە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کردارەوە نابێت بەڵکو بەرکار دەبێت بە خاڵی بەستەرەوە و کورتکەرەوەی بۆشاییەکانی درککردن و تێگەیشتن .

ئەوەی جێگای سەرنجە ، کە دیاردە سەروو سەگمێنتییەکانی وەك ( ئاواز ، هێز ، سترێس) ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە کەمکردنەوەی بۆشاییەکانی درککردندا و ڕێکخستنەوەی کەرەستە زمانییەکانی پرۆسەی ئاخاوتن .

لە زاری کرمانجی ژووروودا ئەم یاسایە وەك کرمانجی ناوەڕاست جێبەجێ نابێت ، چونکە جێناوەکان لەزارەکەدا بە شێوەی زاری کرمانجی ناوەڕاست ڕەفتار ناکەن ، بەڵام لە زاری (گۆران)دا پڕکردنەوە و چڕکردنەوەی چەمکەکان زیاترە بەهۆی جێناوە لکاوەکانەوە دەبێت ، کە چ بکەر یان بەرکار (جێناوی لکاو) لە پێکهاتەی ڕستەدا دابەش دەکەن و ئەو بۆشاییەی لە نێوان (بەرکار و کردار) دا هەیە کەمی دەکەنەوە ، کە ئەم حاڵەتە لە زاری کرمانجی ناوەڕاستدا بەو شێوەیە نییە و ( بەرکار و کردار ) لە ڕستەی کراوەدا پەیوەندییەکەیان بەهۆی هەڵبژاردنی سیمانتیکیی و چالاککردنەوەی چەمککەکانەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە نەوەك بەهۆی جێناوی لکاویشەوە وەك کۆنکرێتکەری فۆنەتیکی بەیەکەوە ببەسترێنەوە و لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسیشدا ئەم بۆشاییە پڕدەکرێتەوە و بەرکار نەك تەنها نزیکدەکرێتەوە بەڵکو لە یەك دروستەدا دەشکێنرێنە ناو یەك .

**٤ . <u>یاسای لێکچوون</u>** :بە پێی ئەم یاسایە هزر پشت بە نزیککردنەوەی شتەکان لەیەکتر و وەسفکردنیان دەبەستێ بۆ نزیکبوونەوە لە ڕاستی و ڕاستەقینەکانی دوونیای دەرەوە بەمەش ئاوەزداری گوێگر هەوڵدەدات لاسای ئاوەزداری قسەکەر بکاتەوە بۆ گەیشتن بە واتای مەبەست.

١٠ . دوێنێ فەرشێکم بینی لەوەی ماڵی باوکت دەچوو بەڵام ئەو تۆزێك گوڵەکانی وردتر بوو و ڕەنگەکانیشی ماتتر بوو .

١١.أ. ئەوە کێ ، ئەو کتێبەی لەویادا دامنابوو ،لایبرد؟

ب. وەڵا نازانم ، یا من بووم یان ناران، بیرم نییە کاممان بوین.

لە دیدگای ئەم یاسایەوە جێناوەکان بەگشتی خاڵی یەکلاکەرەوەن و کاتێك یەکێك لە جێناوەکان

هەڵدەبژێرێت چەمکەکەی کورتدەکرێتەوە لەسەر ئەو کەسەی ئاماژەی پێدەدات ، بەڵام لە ڕستەی چەمك گومانایدا ئاماژەبۆکراوەکان لە دەرەوەی جێناوە سەربەخۆکان لێکچوونیان توش دێت بۆنموونە ›من‹ هەڵگری یەك ئاماژە بۆکراوە و لێچووی نییە و نزیککردنەوەی نییە واتە ، کە ›من‹ بوو هیچ شتێکی تر نییە ، بەڵام لە ڕستەی گومانکاریدا هاوکێشەکە لە نێوان ›من ‹ و ›ئەوان‹ ی تردا لەق دەبێت لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ›من‹ نەبووەتە شتێکی تر وەك ئەوەی ، کە لە ڕستەی (١٠) دا خراوەتەڕوو چونکە لەوێدا ›فەرش‹ی ئاماژە بۆکراو ئەو فەرشە نییە ، کە پێیچوێنراوە بەڵام لە کۆمەڵەی ئەوە واتە هەر ›فەرش‹ە ، بەڵام جێناوەکان بەوشێوەی ناوەکان کارناکەن و ئەو ناولێنراوانەی ، کە دەینوێنن جیاوازن ، چونکە لە ناوخۆیاندا تاڕادەیەکی زۆر تایبەتکراو و سنووردراون.

٥. <u>یاسای گرێدانەوە</u> : ئەم یاسایە لەگەڵ یاسای پڕبوونەوە و پەیوەندی بەهێزی هەیە بەڵام خاڵی جیاوازیان لەوەدایە ، کە لەم یاسایەدا کەرەستەکان ئامادەن تەنها پێویستیان بە یەکەوە گرێدان هەیە" واتای وشە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی شت و دیاردەی جیهانی ڕیاڵی ( واقعی ) لە مێشکی مرۆڤدا کە دەخزێتە ناو وشە و دەبێتە ناواخنی " فاروق عومەر سدیق (٢٠١١:٢٨) بۆ زیاتر خستنەڕووی ئەم یاسایە دەتوانین شیکارییەکان لە زمانی نوسیندا بهێنینەوە وەك کردارەکانی (پێ....کەوە....بوون ، تێ....گەیشتن ، سەر....کەوتن ) تەنها پێویستیان بە گرێدانەوە هەیە بۆ درککردنی واتاکانیان .

پەیوەست بەم بارەوە ئەنافۆر لە ڕستەدا وردەکاری ئەم یاسایە دەردەخات و چۆنێتی کارکردنی درککردن و ئاوەزداریێتی ڕووندەکاتەوە ، چونکە چۆنێتی درککردنمان بۆ گەڕانەوە و گرێدانەوەی جێناوەلکاوەکان بە ناو و جێناوە سەربەخۆکان لە ڕێگەی ( خاڵی ئاماژەبەندی ئەنافۆر)ەوە دەبێت بە تایبەت بەستنەوەی ئاماژەکەیان بە دەوروبەرەوە .

ئەم یاسایە بە بنەمای تیۆری (خاڵی ئاماژەبەندی ئەنافۆرییە The Reference Point Model of Anaphor ) دادەنرێت ، کە خودی ئەم تیۆرییەش بەیەکداچووە لەگەڵ (تیۆرییەکانی دەستپێداگەیشتن Accessibility Theories )و (ڕێزمانی درککردن Cognitive Grammar)و (تیۆری بۆشای ئاوەز Mental Space)(Taylor, J. R. (2002 .

گرێدانەوە هەوڵێکە بۆ ڕاکێشان و بەستنەوەی ئاماژەی ( ناو ، جێناو) بە دەوروبەرەوە ، (ڤان هوك) گەشەی بە (مۆدێلی سیمانتیکی) دا و لە هەوڵەکەیدا پەیوەندی سیمانتیکی لە نێوان ( ئەوەی لە ناوەکی بووندایە Nominal) و بە ( خاڵی ئاماژەناوزەدی کردبوو ) لەگەڵ بوار( هەژموونDomain) دا دەبینییەوە ، بەم پێیە " خاڵی ئاماژە ئەو کەرەستە و ڕەگەزانەن ، کە پرۆژەیەکی ناوەکی لە نێوان دەق و دەوروبەردا دادەمەزرێنن چەمککار Conceptualizer

هەڵدەستێت بە پەیوەندی ئاوەزی لەگەڵ پارچەکانی تردا ( واتە چەمکەکان لە نێوان خۆیاندا و دواتر پەیوەندی لە نێوان چەمك و فۆرمدا ، لەم پەیوەندییەدا هەژموونی خاڵی ئاماژەیی جەخت لەسەر ئەو ڕەگەزانە دەکاتەوە،کە لە ڕووی چەمکەوە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵات و پەیوەندییەکانی ئاماژەوە و بە پێی دامەزراوەی و پەیوەندیان لەگەڵ خاڵی ئاماژەدا شێوە و قاڵب دەگرن " (Van Hoek( 1995: 313 .

کاتێك ناوەکان لە پرۆسەی بەستنەوە بە دەرەوەی چەمککەکان سەرکەوتوو نابن و وەك پێویست ئاماژە و بەستنەوەکان ڕوونادەن لەوکاتەدا زمانێکی وەك زمانی کوردی یاسای گرێدانەوەی هزریانەی ئەنافۆر جێبەجێدەکات لە ڕێگەی جێناوە لکاوەکانەوە ، هەرچەندە ئەم بەستنەوەو گرێدانەوانەش هەموویان

سەرکەوتوو نین و لە هەندێك باردا پێکەوەبوونەکە ڕوونادات و تەمومژی دروستدەکات  بۆنموونە :

١٢. من نالانم نارد .   ( باری ئاسای دابەشبوونی جێناوە لکاوەکان و گرێدانەوەی ئارگۆمێنتەکان بە کردار و بەشەکردارەوە )

١٣. من و ئەو بەلای سینییە شیرینیەکەدا هاتین و کەوت $\emptyset$. ( سەرنەکەوتن لە گرێدانەوەدا)

أ. ( سینییە شیرینیەکە کەوت )

ب. ( ئەو کەوت )   .....( شیرینیەکە / کەسێك)

لە ڕستەی ( ١٣) دا نەبوونی جێناوی دەربڕاوی گەڕاوە بۆ (بکەر و بەرکار )درککردنەکەی تەمومژاوی کردووە .

حاڵەتێکی دیکەی ئاڵۆزبوونی درککردنی جێناوەکان خۆی لە گران بەستنەوە و گرێدانەوەی ئارگۆمێنتە بە جێناوکراوەکان لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا دەبینێتەوە بۆنموونە :

١٤.أ. من تۆم بە ئەودا نارد  ⟵  ( سانایانە فۆرمەکە ناگۆڕێتەوە بە مۆرفۆسینتاکس و قسەپێکەری زمانی کوردی بەکارهێنانی لە چەشنی (تۆم پیادانارد )ی پێ ئاساترە .)

ب. من ئەوم بە ئەودا نارد ⟵ پێمدانارد

پ.  من ئەوم بە تۆدا نارد ⟵ پێمـــداناردیـت .

ت.  من تۆم بە ئەواندا نارد . ⟵ پێتداناردمن .

ج. تۆ بە ئێمەدا ئەوانت نارد .  ⟵ پێماندناردتن

ح. ئەو بە ئێوەدا ئێمەیان نارد .  ⟵پێتانداناردینی .

خ. من تۆم بە ئەو کوشت . ⟵ پێیمکوشتیت

د. من ئەوم بە تۆکوشت . ⟵ پێمکوشتیت

لە ڕستەی (١٤.أ_) بە ئاسانی ناکرێن بە مۆرفۆسینتاکس و جۆرە زبرییەك لە دەربڕین و تێگەیشتنیاندا دروست دەبێت.

لە ڕاستیدا لێکدانەوەی دروستەی ( ڕستە و مۆرفۆسینتاکس) لە زمانی کوردیدا بەهۆی تێورەکانی بەرهەمهێنانەوە لێکدراوەتەوە و ئەوەش خراوەتەڕوو ، کە دروستەی مۆرفۆسینتاکسی زمانی کوردی کەرەستەی فەرهەنگین و بە ئامادەکراوی لە فەرهەنگی ئاوەزی کورددا هەیە و تاکی کورد لەوێوە دەستی بەم دروستانەدا دەگات و پێڕەوەکەش خۆی لە ڕێچکەی ڕستەی کراوە نادات بۆ ئەوەی بیکات بە مۆرفۆسینتاکس چونکە ، گەر بەو چەشنە بێت ئەوا فۆرمی لە چەشنی ( پێیمداناردیت ، پێیمکوشتیت ، پێیانمدا ناردیت ..) دروست دەبێت ، کە لە ڕووی بەستنەوە و حوکمکردنەوە ڕێگەپێدراون ، بەڵام لە ڕووی درککردن و گرێدانەوەوە سانانین و تاکی کورد ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕەوان بەکاریان بهێنێت هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە , کە ڕستەکانی (١٤. خ) ناتوانرێن ڕەوانانە دەرببردرێن و بە کەسەکانیانەوە گرێبدرێنەوە ، چونکە لە جێناوێك زیاتری تێدایە ، کە بۆ سێ کەس دەگەڕێتەوە و دۆزینەوە بەستنەوەی لەم چەشنە ئاڵۆزی بەرهەمدەهێنێت و وزەیەکی زۆریشی بۆ تێگەیشتن پێویستە و باشترین ڕێگاش بۆ گرێدانەوە و درککردنی ئەم چەشنە ڕستانە ئەوەیە بەشێکی ڕستەکە بە کراوەی بمێنێتەوە ، کە خۆی لەبەرکاری ڕاستەوخۆی شێوە  بەرکاری ناڕاستەوخۆی ( بە ئەو دا) دەبینێتەوە بۆ ئەوەی کەسی گوێگر تەنها خۆی بە گرێدانەوەی جێناوەکانی  ( بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ ) خەریکبکات .

لە لایەکی ترەوە پەیپێبردنی گرێنەدراوەکان و بێسنووری ئاماژەکانی ( ئەو ) بۆ هەموو گیاندار و بێگیانێك هۆکارێکی تری هەم نەدرکاندن و هەم درککپێنەکردنی مۆرفۆسینتاکسی ڕستەکەو هەموو ئەو ڕستانەشە ، کە ( جێناوی کەسی سێهەمی تاك) تیایاندا دەبێتە بەرکارێکی ڕاستەوخۆ لە شێوەی بەرکاری ناڕاستەوخۆدا .

١٥. پێدەچێت﴿.. ﴾ ئێمە بڕۆین بۆ دەرەوەی وڵات .

١٦. باران دەبارێت.

لە هەردوو ڕستەکەدا ( درککردنی سایکۆلۆژیانە) دەبینرێتەوە ، کە ئاوەزداری تێگەیشتنەکە لە ڕێگەی بەستنەوە و گرێدانەوەیەکی ناوەکی و سایکۆلۆژیانەیە و ڕاستی سایکۆلۆژیانەوە)، هەندێك لە ڕاستییە سایکۆلۆژییەکانیش وەك تەمومژی زمانی دەردەکەون بەڵام ئەمان بەوەدا جیادەبنەوە ، کە "لێڵی و شاراوەی لەسەر ئاستی سیمانتیکیدا لە لێکدانەوەی واتادا گرفت دروست دەکات و بە شێوەیەك کە زمانەوانەکان بە دوای هۆکارەکانیدا لە سنووری زماندا دەگەڕێن و هەر ئەم جۆرە دیاردە زمانییە لە لۆژیکیشدا کاری خۆی دەکات و لۆژیکەوانەکان مامەڵە لەگەڵ ئەو زاراوە و دەستەواژە و ئارگۆمێنتانەدا ناکات " بکر عومەر و ئاڤێستا کەمال ( ٢٠٠٩: ٣٧) لەکاتێکدا ڕاستی سایکۆلۆژییەکان Psychology ) Reality) دەگەیەنرێن بەدەر لە یەکەی زمانی واتە هەندێك لە درککردن و گەیاندنەکان بەهۆی جێناوەکانەوە نییە بۆ نموونە دەشێت ڕستەی (١٥) ڕووبەڕووی پرسیاری ( کێ پێدەچێت... ) بکرێتەوە و هیچ کەسێکی پێوە نەبەسترێتەوە وەك ( *من پێدەچم ، *تۆ پێدەچیت.، ئەوان پێدەچن .......) و ئەوەش ،کە یاریدەدەری ناسینەوە و درککردنەکەیە پەیپێبردنێکی خورتەکی و خۆڕسکییە ، چونکە" هەر ڕێزمانێك " دنیایەکی سەربەخۆو جیای دروستبوو لە ناوەڕۆکی زمانیی " دەخاتەبەردەست ئاخێوەرەکانی زمانەکەی ، کە لەگەڵ ئەوانەی زمانەکانی دییکەدا جیاوازە . وەچەبەشانێك لەو دنیا سەربەخۆیە بنیاتی چەمکی >دایکوباوک ، کەسوکار ، خزموخێش و ئەستێرەکان<ە کە لێیان دەدوێن" مەحەمەدی مەحویی( ٢٠٠٦ : ٦٨) .

ڕێکخستنی دەسەڵات و هەژموونی( خاڵی ئاماژەکردن) پشتدەبەستێت بەدیاری و نادیاری ناولێنراو لەگەڵ هێزی چەمك – واتا( چەمکە واتا)کەی هەربۆیە دەشێت ئەو پەیوەندییەی دەبنە ڕێکخستنی (ناولێنراو و چەمکەواتا ) و چۆنێتی درککردن و تێگەیشتنیان لە ڕێگەی کۆمەڵە هۆکارێکەوە دیارییبکەین لەوانە :

١ . پەیوەندیداری چەمکیی Conceptual Connectivity

٢. ڕێکخستنی شاراوە Linear order

٣. تێڕوانین Point of view

١٧.أ. ئەو لەناو خێزانەکەیدا وەك کەسێکی لێهاتوو لێیدەڕوانرێت.

ب . ئەو وەك کەسێکی لێهاتوو لەناو خێزانەکەیدا لێیدەڕوانرێت .

پ . ئەو خۆی وەك کەسێکی لێهاتوو لەناو خێزانەکەیدا خۆی نیشاندەدات .

ت. ئەو وەك کەسێکی لێهاتوو لەناو خێزانەکەیدا خۆی لە خۆی دەڕوانێت .

لە ڕستەکانی (١٧.أ_ت)دا پەیوەندییە چەمکییەکانیان ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانیانە واتە پەیوەندی تەواوکارانەی نێوان سەری ڕێزمانی و ئارگۆمێنتە تەواوکارەکەیەتی هەروەها ئەو ڕێکخستنەی لەنێوان چەمك و ئاماژەکاندا هەیە لە هەریەك لە ڕستەکاندا شاراوەترن لە ڕیزبوونی ڕێزمانی بەم پێیە پلەی

گرنگیدان و چۆنێتی تێگەیشتن  پەیوەستە بە بەستنەوە و پەیوەندی شاراوەی نێوان کەرەستەکان و بەتایبەت لەم ڕستانەدا بەستنەوەی جێناوی(خۆ) بە کۆی ڕستەکانەوە ، هەروەها تێڕوانینی تاك بۆ دەربڕین و تێگەیشتنی هەریەك لە ڕستەکان خۆی لەو هەژموونەدا دەبینێتەوە ، کە ئێمە لەکاتی گوتن و بیستندا چەند یاسا و ستراتیژیەت فەراهام دەکەین و لە قاڵبیان دەدەین بۆ کردنە دەرەوەی ئەو چەمکە واتایانەی دەمانەوێت ئاماژەیەك لای گوێگر بگەیەنێت هەرئەمەشە ، کە قسەکەر و گوێگر لە پێناویدا ڕۆڵدەگۆڕنەوە، چونکە تێڕوانین کردنەوەی بۆشای نوێیە لە ئاوەزداری قسەکەر و گوێگردا .

## ئەنجام

١. درککردنی ئاوەزداری بەهۆی درککردنی زمانییەوە پەیوەستە بە بڕی ئەو زانیاری و ڕێکخستنانەی کەرەستە زمانییەکان لەخۆیان گرتووە و زمانی کوردیشی لەبەرئەوەی خاوەنی پێکهاتە و ڕێکخستنی تایبەتی خۆیەتی لە ئەم ڕێگایەشەوە ئاوەزداری خۆی جیادەکاتەوە .

٢. سروشتی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا هەڵگری چڕکراوەی ئاوەزداری کورد بەرانبەر خۆی و دونیا، هەر لەو ڕێگایەشەوە و بە شێوەیەکی کورتبڕی بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەکانی جێبەجێدەکات و بە هەمانشێوەش لەبری دانانەوەی جێناوەکانیش بە ئاماژەبۆکراوەکانیان لە تێگەیشتندا پەیوەندی چەمك بە ناولێنراوەکانەوە لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕوو .

٣. جێناوەکان لە بەکارهێنانی سیمانتیکیانەیاندا بەشێوەیەکی گشتی لێڵ نین بەڵام لەبەردەوامبوونی پەیوەندی لێکترگەیشتندا و تێکەڵاوبوونیان بە دەوروبەر بەستنەوەی جێناوە لکاوەکان بەتایبەت جێناوەکانی کەسی سێهەمی( تاك و كۆ )گرفتی درککردن تیایاندا سەرهەڵدەدات و لە چێوەدان و بەستنەوەیان ئاڵۆز دەبێت .

٤. لە پرۆسەی فێرکردنی زمانی کوردی وەك زمانی دووهەم یاسای بەستنەوە و گرێدانەوەی درککردن بۆ فێربووانی زمانەکە گران دەبێت ئەویش بەهۆکاری نافیزیکیانەی جێناوی کەسی سێهەمی تاك و سیستمی مۆرفۆسینتاکسی زمانەکە .

٥. هەندێك لە کردارەکانی زمانی کوردی بە شێوەی مۆرفۆسینتاکسی وەك یەك قاڵبی بەیەکداچووی زمانی درکناکرێن بەمەش یاسای نزیکێتی لە درککردندا ئاراستەکەی دەگۆڕێت و  بەشێك لە پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسەکە دەکاتەوە ( یان ناهێڵێت بەشێك لە ڕستەکراوەکە بشکێتەوە ناویەك) .

٦. ڕاستییە سایکۆلۆژییەکان کۆزانیاریی ئاڵۆزن  بەتایبەت بۆ فێربوانی زمانی کوردی وەك زمانی دووهەم چونکە ئەم زانیارییانە بە شاراوەیی لە ڕێگەی ئاوەزداری و ژیان لەناو کلتورێکدا دەگوێزرێنەوە هەر ئەمەشە ، کە وادەکات خێرای تێگەیشتن و ناسینەوەی ئەم حاڵەتە و جێناوی نافۆنەتیکی گرانبکات .

## سەرچاوەکان


١. ئاڤێستا کەمال مەحموود.(٢٠١٢) . پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا . چاپخانەی لەریا.

٢. ئاڤێستا کەمال مەحموود.(٢٠١٣). گۆڤاری زانکۆی سلێمانی(وێنەی هزری ، ئاوەزداری و لێکدانەوە سایکۆزمانییەکان) . ژمارە ( ٤٢) .

٣. ئەورەحمانی حاجی مارف . ( ٢٠٠١) . ڕێزمانی کوردی ( جێناو ) . بەرگی یەکەم . بەشی دووەم . ئۆفسێتی تیشك

.

٤. بكر عومەر و ئاڤێستا کەمال.(٢٠٠٩). گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ( پەیوەندیی سیمانتیک و لۆژیک لە ڕستەی کوردیدا ). ژمارە ( ٢٦).
٥. فاروق عومەر سدیق .(٢٠١١) . لەدایکبوونی وشە . چاپخانەی شڤان . سلێمانی.
٦. کاروان عومەر قادر. ( ٢٠٠٨). ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا . کوردۆلۆجی .
٧. کاروان عومەر قادر . (٢٠١٢).گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی). ژمارە ( ٣٤).
٨. لارس مێلین . و . غازی فاتح خورشید .( ٢٠١٠) . سایکۆلۆژیی زمان . بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.
٩. مەحەمەدی مەحویی.(٢٠٠٦). ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك_وابەستە. زانکۆی سلێمانیی.

المصادر

١.سمير أحمد معلوف . (٢٠١٠) .الصورة الذهنية (دراسة في تصوُّر المعنى).
٢.عبدالرحمن البدوي . (١٩٨٤). موسوعة الفلسفة . المؤسسة العربية للدراسات والنشر. ط ١ . الجزء الثاني.
٣. عبدالرحمن الميداني .(٢٠٠٤). ضوابط المعرفة. دار القلم

Reference

1. Vyvyan Evan & Stephanie Pourcel.( 2009) . New Direction in Cognitive Linguistics. John Benjamin pulolishing Company .
2. Evans, Vyvyan (2007). A Glossary of Cognitive Linguistics. Edinburgh: Edinburgh University Press
3. Geeraerts, D., ed. (2006). Cognitive Linguistics: Basic Readings. Berlin / New York: Mouton de Gruyter
4. Taylor, J. R. (2002). Cognitive Grammar. Oxford, Oxford University Press
5. Van Hoek ,K. (1995). Conceptual reference points: a cognitive grammar account of pronominal anaphora constrainta. Language 71,(310-340)



## الخلاصة

إن هذا البحث ( العقلية و الإدراكات اللغوية للضمائر في اللغة الكوردية ) يحلل اللغة من منظور نفسي و إدراكي ، كما و إنه يتباحث التداخلات و تأثيرات التيارات الفكرية على تكوين اللغة و إنعكاس الفكر و التصورات العقلية في اللغة .

ينقسم هذا البحث الى ثلاثة أقسام القسم الأول يتناول المنظور الفلسفي لقرأة العقلية و الادراكات و القسم الثاني يحلل الادراكات الحسية و كيفية تأثيرها على معالجة المعلومات اللغوية أما القسم الثالث يتباحث الادراكات النفسية للضمائر في اللغة الكوردية و كيفية تفاعل هذه الضمائر مع القوانين الادراكية مثل كيفية تعامل و تكيف هذه الضمائر مع القوانين ( الابعاد ، ارتباط ، المماثلة ، التحديدية ) ، و يرتبط هذا القوانين بتشابك الادراكات الحسية _اللغوية مع علاقات المفاهيم الغوية.

## Abstract

*This research is about (mentality and linguistic cognition of Kurdish pronouns ) , it analyses Kurdish pronouns from psychological and cognition perspective ; it discuses the philosophical theories and how affected the researches and Thesis which are about mentality and language .*

*This paper is divide to three section because it want to answer question like: 1. what is the relation between language and cognition?2. do people who speak different language are thinking in a different way ?*

*In another hand this research presents a formal model of Comprehension because it is an important intelligent power of abstract thought and reasoning of humans or intelligent systems and the pronounces in language is highly curious to explore the internal process of comprehension in the mentality and to explain its basic mechanisms in cognitive informatics and computational intelligence.*